KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
27-4-2007 23:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کارمەندی ئۆرگان ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

پارتی ئەوە بە سوکایەتی ئەزانێ، ئەگەر کەسێک پێشگری (کاک) لە گەڵ ناوی سەرۆکەکەیدا بەکارنەهێنێ، بۆیە (ئاسۆ عەلی فەرەج) یش کە کارمەندی ئۆرگانەکەی پارتییە، باوەڕی وایە کە ئەگەر بە من بڵێ (کاک) ئیتر مافی ئەوەی هەیە ئەو هەموو جوێن و سوکایەتییەم پێبکات!؟



ئەم کارمەندی پیاهەڵدانە زۆر عەجیبە و ئەزانێت جیاوازی نێوان ڕیپۆرتاژ و تەوەر چییە، ئەوەی کە من بە پاساوەکەیم وتبوو عەنتیکەیە، ئەیباتەوە سەر خۆی و ئەڵێ بە منت وتووە عەنتیکە.

ئاسۆ بەو هێرش و خۆتوڕەکردنەی وە بەو داوا نەشیاوەی کە ئەیەوێت لێبوردن نامەی بۆ بنوسم، خۆی لە هێنانەوەی پاساوەکەی بۆ من ئەدزێتەوە.

بەڕاستی زۆر سەپرایز ئەبووم، ئەگەر ئاسۆ (کە ئازاد نییە) وە ئۆرگانەکەی (کە ئازادییەکەی لە سنوری پیاهەڵدان ناترازێ) شتێکی جیاواز لەمەی ئێستایان بکردایە.

2007/4/25

---

تێبینی:

١- (کاک عامر سابیر، ئەوەی کە بێئاگایت) وتاری ئاسۆ عەلی فەرەج، کوردستان نێت 2007/3/11

٢- {وەڵامی پرسیارێکی (خەبات) کە بڵاوی نەکردەوە}، عامر سابیر، کوردستان نێت، 2007/3/10.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.